باشترین ڕۆژووگرتن لە دوای ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان؛ ڕۆژووگرتنی مانگی خودایە (مانگی موحەرەم)، وباشترین نوێژکردن لە پاش نوێژە فەرزەکان؛ شەو نوێژکردنە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «باشترین ڕۆژووگرتن لە دوای ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان؛ ڕۆژووگرتنی مانگی خودایە (مانگی موحەرەم)، وباشترین نوێژکردن لە پاش نوێژە فەرزەکان؛ شەو نوێژکردنە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ڕۆژووگرتنی مانگی -موحەرەم- کە یەکەم مانگی ساڵی کۆچییە باشترین ڕۆژووگرتنە لە پاش ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان چونکە ڕۆژووگرتن لە چاکترین کردەوەکانە وڕۆشناییە بۆیە لە باشترین کردەوەکانە لە یەکەم مانگی ساڵی کۆچیدا، بۆیە پێویستە لەسەر مسوڵمان سوور بێت لەسەر ڕۆژووگرتن لەم مانگەدا ئەگەر چەند ڕۆژێکیش بێت مەگەر بەهۆی عوزرێکی شەرعیەوە نەبێت. وکاتێک -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (مانگی خودایە)؛ ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مانگێکی مەزنە وتایبەتمەندی خۆی هەیە بە سەر مانگەکانی ترەوە. و شەونوێژکردن لە باشترین نوێژەکانە لە پاش نوێژە فەرزەکان؛ چونکە خشوع زیاتر لە شەونوێژدا ئامادە دەبێت ئەمیش بەهۆی ئارامی دڵ وبە تەنها نزاکردن وپاڕانەوە لە خودا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ هِيَ أَشَدُّ وَطْئًا وَأَقْوَمُ قِيلًا﴾ [المزمل: 6]، واتە: ﴿بەڕاستی هەستانی شەو دوای خەو (بۆ خودا پەرستی) قورسترە وگرانترە لە ڕووی کردارەوە (لە پەرستنی ڕۆژ) وبەهێزترە بۆ دڵ ودروسترە لە ڕووی ووتنەوە﴾، چونکە شەو کاتی هێمنی وسەکینەت وئارامی وئیسراحەتە؛ بۆیە ئەگەر بەندە لەم کاتەدا پەرستن ئەنجامبدات ئەوا ئەمە بە لای نەفسەوە زۆر قورس وناڕەحەت دەبێت ولاشە ماندوو دەبێت؛ بۆیە باشترین نوێژی سونەتە لای خوای گەورە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11261